Komala Party – Iranian Kurdistan
Switzerland Committee

کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سویس

چاوپێکەوتن

ڕۆژی ٢٣.٢.٢٠٠٨ وەفدێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوون لە هاوڕێیان جەعفەرەر ئێلخانی زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و هاوڕێیان میرزا موورادی بەرپرسی ڕێکخراوی سویس، خالید حسێن زادە نۆنەری کۆمەڵە لە سویس و حەسەن موحەمەدی کادری کۆمەڵە، چاویان بە هەیئەتێکی پارتی سوسیالیستی کوردستان PSK کە پێکهاتبون لە بەڕێزان مەسعود تەک سکرتێری گشتی، جیهان ئامێدی و ئازاد لە بەرپرسانی ئەو حیزبە، کەوت.

لەو دیدارە دا هەرکام لە بەڕێزان جەعفەر ئێلخانی زادە و مەسعود تەک لە سەر بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە دووان و بۆچونی خۆیانیان لە سەر گیروگرفتەکانی بزوتنەوەی ئازادی خوازی لە کوردستان دەربڕی و ویڕای ئەوەی کە لە سەر دەست تێوەرنەدانی پارتەکانی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە کاروباری بەشەکانیتر کۆک بوون، هێرشی ئەرتەشی تورکیەیان بۆ سەر باشوری کوردستان بە بیانوی شەڕ لە گەڵ PKK مەحکوم کرد. لەبەر ئەوەی کە بۆچونی هەردوک لایەن لێک نزیکەکی بەر چاویان پێوەدیار بوو بڕیار درا کە لەمجۆرە دیدارانە لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستانێش فراوانتر بکرێن و بۆ کاری هاوبەش لە دەرەوەی وڵات هەوڵی زیاتر بدرێ. بەڕێز مەسعود تەک سکرتێری گشتی PSK خۆشحاڵی خۆی لەو چاوپێکەوتنە دربڕی و ڕایگەیاند کە لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان سەردانی بارەگای ناوەندی کۆمەڵە بکات و چاوی بە هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵە بکەوێ.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کومیتەی سویس

٢٠٠٨ / ٢ / ٢٤

Web: www.komala.org
Web: http://komala1348swiss.blogspot.com/
E-Mail: komala.suisse@yahoo.de

Tel: 0041 76 50 16 106